# ڕوانینێکی واقیع بینانە بۆ دۆزی کورد
# لە باشوری کوردستان

هێمن   ڕە ووف

کوردستان وولاتێکی پارچە پارچە کراوە و داگیر کراوە لە لایە ن چوار وولاتی دڕندە وە ، گە لی کوردیش گە لێکی ستە م دیدە یە و ژێردە ستە یە ،داگیر کارە کانمان هە ر لە سە رە تا وە تا ئێستا هە موو سیاسە تە نا مرۆڤانە کانیان لە گە ڵدا بە کار هێناوین، لە سنور وکلتور وخاک وئاوو هە وایان بێبە ش کردوین. ئێمە یش وە ک هە موو گە لان و نە تە وە کانی دنیا هە ر لە سە رە تای بە ندبوونمانە وە هە وڵی رزگار بوونمان داوە ، ئە گە ر بە گشتگیری بڕوانین لە دوای پە یمانە شومە کە ی
لۆزان تا ئێستا لە هە رچوار پارچە کە ی کوردستان هە وڵدان بۆ ئازادی و ڕزگاری دراوە ، بە لاَم بە هۆی بێهێزی خود و بە هێزی بە رامبە ر، تە نها لە باشوری وولاَت ڕۆڵە کانی نیشتیمان توانیان کە لَک وە ربگرن لە ڕاپە ڕینە جە ماوە رییانە ،وە ک دە بینین ئێستا خاکێک هە یە ناوی کوردستانە ، کە حکومە تێکی دووئیداریی بە ڕێوە ی دە بات، کە سانێك هە ن کە ڕۆڵە ی ئە م نە تە وە یە ن و خۆیان بە خاوە نی ئە م کوردستانە دە زانن ،ئیتر ئە وانە هە ر کە سێک بن بە هە ر شێوە یە ک بێت
ئە مە ڕاستییە کە و ئینکاری لە سە ر ناکرێت ،وە ئە گە ر خۆمان هە ڵە نە کە ین و بە دیدێکی واقیعیانە بڕوانین دە زانین ئە وانە لە خۆیانە وە نە چوونە تە ئە وجێگایە ،بە ڕهە می چە ند شۆڕشێکن و خاوە نی جە ماوە رێکی باشن کە لە هە ڵبژاردنە کان دا دە نگیان بۆ دە دە ن و هۆی مانە وە یانن ، لە گە ڵ ئە مانە یش داخە ڵکی کوردستان باش دە زانن وە هە رگیز لە بیری ناکە ن کە ئە مانە بە شێکن لە هۆی دروست بوونی نە هامە تیە کان ، کە بە کورتی چە ند ڕاستییە کی مێژوویی ئە م چە ند ساڵە ی ڕابوردو دە هێنمە وە ،لە سە رە تاوە بە هۆی قبوڵ نە کردنی یە کتری یە وە وە گوێ نە گرتن لە ڕاو بۆچونی یە کتری کە وتنە گێژاوی هە ڵە وە ،
بە ڕادە یە ک نۆکە ریی بێگانە و جاشایە تی یان قبوڵ کرد تا بوونە خۆرە ی گیانی خۆیان ، لە سە رە تای دروستبوونی بیری جیا لە ناو (پ.د.ک) دا و دوو بە شبوونی ئە و پارتە ،کێشە کان دروست بوون ، هە ر بە شە یان لە پێناوی بە رژە وە ندی یە ک لایە نە و بۆ شکاندنی بە شە کە ی تر هە رچی ڕێگایە ک هە بوایە دە یانگرتە بە ر بۆ نمونە ئە گە ر بارزانی لە گە ڵ ئێران د ا لە گفتو گۆدا بوایە ،ئە وا ئیبراهیم ئە حمە د و جالال تاڵە بانی لە گە ڵ حکومە تی مە رکە زی داگفتو گۆیان دە کرد ، تا وای لێهات بێگانە لە ناو مانا ڕە گی داکوتی و دووبە رە کییان لە خوێنماندا جێگیر کرد ، شە ڕی برا کوژییان دروستکرد ، کە یە کێک لە هۆ کارە کانی نسکۆ و ئاشبە تاڵ بێهێزی ئایدیا و و لە دە ستدانی یە ک ڕیزی ڕۆڵە کانی گە ل بوو .
دواتر شۆڕشی نوێ هە ڵگیرسا ، ئە م جارە بە ڕا بە رایە تی یە کێتی ، گوایە بیرێکی

نوێ دەخاتە گەڕ بۆ بەدی هێنانی ئازادی و مافەکانی گەلی کورد ، بەڵام لە شاخ و لە ناو ئەوجە نگەڵانە ی کوێستانی وولآتدا دووبارە دەستیان خستەوە خوێنی یەکتری،ئەمە یشیان هەر ڕوونو ئاشکرایە لای خەڵکی کوردستان کە لە کاتێکدا میللەت بەدەست ئەنفال و کیمیا باران و وێرانکاری یە وە دەینالآند ، دواتر بەهۆی بێهێز بوونی حکومەتی عێراقی لە دوای شەڕی کەنداو ساڵی 1991 و سەپاندنی ئابلۆقەی ئابوری ، خەڵکی کوردستان ڕاپەڕینێکی جەماوەرییان بە رپاکرد ، ئەم کوردستانە یان وەک هێلکەیەکی پاکراو دایە دەست کاکە و مامە ئەوە بوو پەرلەمان و حکومەت دروستبوو ، گەشبینییەکی بەرچاو لای خەڵک خولقابەشێکی کوردستان لەستەموو زۆر ئازادی بوو ، کەسوکاری ئەنفالو کیمیا باران کراوەکان ، پێکەنین کەوتەوە سەرلێویان سەرلەنوێ بۆ ژیانێکی نوێ بە هیوا یەکی گەش دەژیان،، ، بەلآم جارێکی تر بێهێزی فیکرییو دەستی بێگانە و سەروەت وسامانی کوردستان بووەوە هۆی دروستبوونەوەی شەڕێکی خۆکوژی خوێناوی کەسەدان لاوی کورد بوونە قوربانی ئەو خۆفرۆشتنە ، لەکاتێکدا گەمارۆی ئابوری ئەوخەڵکەی چۆن برسی کردبوو ، ئەوان لە پێناوی بەرژەوەندیەتەسکەکانیان هەموو ڕێگایەکی ناشییاویان دەگرت بۆ بە گژداچونەوەی یەکتری ، تا ڕادە یە ک لە ناو شارەکان داکەچۆن هێزەکانیان دەکەوتنە شکاندنی عارەبانەکان و ڕاوەدوونانی لاوە داستگێرەکان و بلآوو کردنەوەی بێکاری لەناو وولآتدا بۆ ئەوە ی لاوەکان ناچار بکەن چەک هەڵبگرن لە دژی خودی خۆیان وبراکانیان ، هەتا دواتر بەوەوە نەوەستان ئەو تانکو زرێپۆشانە یان بۆهێناین کە ئەنفالی پێ ئە نجام درا ، گوندەکانی پێ کاول کرا ،،، ئەم دیاردە قێزەونانە بە نێوچاوانی سە رکردەکانی کوردە وە ماوە ، وە جێی لەبیرکردن نیە ،،،ڕۆژێک دێ کۆمەڵانی خەڵک چەند پرسیارێکی بەجێ لەسەرکردەکانی خۆیان بکەن و بپرسن ، کوان ئەوانە ی شەڕی ناوخۆیان درووستکرد ؟ بۆدەبێ بنەماڵەی بارزانی یەکێک بن لەدەوڵە مەندەکانی دنیا ؟ بۆچی مام جەلال خاوەنی ئەوملیۆنان دۆلارە یە ؟ ئایا لە کوێیان بوو ؟کوا ئەو هەموو فەردە خەت سورە پارەیەی کەلە ئاشبەتاڵەکە دا ئاودیویان کرد ؟ لەکوێیە پارەی ئەو گومرگ و نەوتو سامانو بەروبومە ی کوردستان،،ئەمانە پرسیارنو لە ڕۆژی خۆیدا لەدادگا ڕوو بەڕوویان دەکەینەوە ،، ، ئەوەی جێی سەرنجو پرسیارە ئەوەتا هەر ئەوانن لە پێشمانەوە بۆ جێگیر کردنی مافەکانمان لەهەوڵدان دان، گەلی کورد جارێکیتر متمانەی خۆی بپێدانە وە ، لەهەڵبژاردنەکاندا دەنگیان پێدان ، کەواتە ئەمە ڕاستییەکەو هەیە میللەت شەرعییەتی پێدان ، ئێستا دەستورێک لە عێراقی نوێدا بەرێوەیە و ئە وان نوێنەرایەتی ئێمە دەکەن بۆ چەسپاندنی داخوازییەکانمان لەو دەستورە دا ،، بەڵام گرنگتر ئەوەیە ئێستا کۆمەڵانی خەڵک هۆشیارن چینی ڕۆشنبیران بە ئاگان لاوان لەمەیدانە کەدان چاو کراوەن ، پێویستە بۆپێشەوە هانیان بدەین ، داوای سنوری کوردستان بکەین کەرکوک مان دەوێ دەبێ ساڕێژی برینەکانمان بکەن دەسەڵاتەکانیان لەپێناوی گەلدا بخەنەگەڕ رێز لە ڕاو بۆچونی چین و

تویژه کانی هاولاتیان بگرن سانسۆر له سه ر نوسه رانو رۆژنامه نوسان نه مینێت ،، ، له هه مان کاتیشدا نوسه ره هێژا کان پێویسته به گیانێکی پڕ له هه ست کردن به ئازاره نه ته وایه تییه کان پێنوسه کانیان بخه نه گه ڕبه تایبه تی له م کاته ناسکه دا ، ئاسه واری دوو به ره کی بسڕنه وه ، واز له ڕه خنه ڕوخێنه ره کان بهێنین داوای مافیان لێبکه ین تازه ئه م ڕۆ ئه وانه قه ده ری ئێمه ن ڕاشکاوانه ده ڵێم به دیلیان نیه ،،هه ر نوسینێک ڕوخێنه رو سوکایه تی و شه ڕه جنێو بێت باشتره نه نوسرێ،، با به س به خه یاڵ بژین با واقیعانه بڕوانینه کوردستانی باشور .

بۆ پێشه وه له پێناوی فیدرالی نه ته وه یی و مافی چاره ی خۆنوسین
که ده سپێکه بۆ دروستبوونی ده وڵه تی کوردستان

...................................................................hemnrauf@hotmail.com
سویسرا